# تیۆرێکی نوێ بۆ دروستبوونی گەردوون

بیرۆکەی دروستبوونی گەردوون‌و سەرەتای گەردوون، لە کۆنەوە تائێستا جێگەی سەرسوڕمان‌و ئالودەکردنی بیری مرۆڤ بووە تائەمڕۆ. بەم دواییانە دوو زانای بواری گەردووونناسی دەڵێن: "گەردوون نەسەرەتای هەبووەو نەکۆتایی". بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو زانا (بوك شتینهارت‌و نیل توروك) نموونەیەکیان داناوە بۆ شیکردنەوەی بۆچوونەکەیان، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە گەردوون لەسەر بازنەیەکی بێ سەرەتاو کۆتا دەسوڕێت و لە حاڵەتی لەتبوون یان تەقینەوەی گەورەدا دەچێتەوە ناوخۆی‌و درێژدەبێتەوە، بەلانی کەمەوە هەتا ئێستا جۆرێك لە هێزی ڕەش (کە هێزێکی ڕەشی ئاڵۆزو نادیارە) دەیجوڵێنێ.



پێویستە بزانرێت کە تائێستا لە ناوەندە زانستییەکاندا بۆچوونی تەقینەوەی گەورە (بیگ بانگ) کە تەقینەوەیەکی گەورەی زەبەلاحە، پێش نزیکەی 14 ملیار ساڵ ڕوویداوە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا درێژبۆتەوەو کەوتۆتە فراوانبوونی زۆر، دواتر چۆتە قۆناغی ساردبوونەوەو پاش ماوەیەك‌و بەهێواشی جێگیربووە.

زانایان بۆ ئەو نموونە گریمانەییەی دروستبوونی گەردوون دەڵێن: "ئەو نموونەیە لە توانایدایە کە شرۆڤەی کۆمەڵێك تایبەتمەندی گەردوونی بکات کە چواردەوری گەردوونیان داوە لە کاتی ئێستادا".

لەو شرۆڤانە دەکرێت ئاماژە بە وانە بکرێت بۆچی هەمووشتەکان لەتەماشاکردندا وەکو یەك دەبینرێت، یان بۆچی گەردوون پاك دەردەکەوێت لەسەر بیردۆزی بیرکاری (هێڵە تەریبەکان چەندە درێژبنەوە قەت یەك ناگرنەوە)، کەواتە تەقینەوەی گەورە سەرەتای کات نییە، بەڵکو بازنەیەکە لەو زنجیرەیەی کۆتایی نایەت، لەو جوڵانەوەیەی کە وایکردووە بە کۆمەڵێك زەمەنی جیاواز گەردوون گەرم بێت، دواتر سارد بێتەوەو بچێتەوەیەك و ئینجا سەر لەنوێ بەرەو کشان بچێت.

لەئینتەرنێتەوە
**عەباس مەندەلاوی**

## شێوازێکی خێرای کۆپیکردنی زانیاریی مۆبایل

# با هەمیشە مۆبایلەکەت لای خۆت بێت




زانایان شێوازێکیان ئاشکراکرد کە دەکرێ بەهۆیەوە زانیاریی گرنگ لە هەر مۆبایلێکەوە لە ماوەی (60) چرکەدا کۆپی بکرێت و ئەو زانیارییانە بۆ قسەکردن لەگەڵ تەلەفۆنێکی تردا بەکاربهێنرێت، بەو جۆرە کرێی بەکارهێنانی تەلەفۆنەکە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی زانیارییەکانی لێ دزراوە.

هەروەها چەند زانایەك کە ئەو شێوازەیان پەرەپێداوە، چەند ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە یارمەتی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ئەو مۆبایلانە دەدات ڕێ لە بەکارهێنانی نایاسایی زانیارییەکان بگرن.

**کۆپی خێرا**

شایانی باسە، گواستنەوە، یان کۆپیکردنی زانیارییەکانی هەر مۆبایلێك پێشتر نزیکەی هەشت سەعاتی پێویست بوو، بەڵام ئەو ڕێگەیەی لێکۆڵەرەوانی کۆمپانیای IBM و پەیمانگەی تەکنیکیی فیدراڵی سویسرا پەرەیان پێدا، لە نزیکەی دەقیقەیەکدا زانیارییەکان دەگوازێتەوە.

ئەوەی زانراوە، دزانی ئەو زانیارییانە هەوڵدەدەن لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی هەموو پێکهاتە ژمارەییەکانی کۆمەڵە دیجیتاڵەکانەوە هێمای زانیارییەکانیان دەستبکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە، تیپەکەی IBM شێوازێکی زۆر ساکارتری گرتەبەر.

ئەوان توانییان زانیاریی زۆر بەنرخیان دەربارەی ئەو کلیلە ژمارەییانە دەستبکەوێت کە تەلەفۆنێك بەکاریان دەهێنێ بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی خاوەنەکەی لەڕێگای چاودێریکردنی ئەوەی چۆن (چپ)ی تایبەتی ناو مۆبایلەکە بەکارەکان هەڵدەستێت.

ئەندامانی تیپەکە توانییان کلیلی کردنەوەی ژمارەی تایبەتی مۆبایلیان دەستگیر بێت بەڕێگەی حسابکردنی ئەو کاتە کەمەی (چپ)ەکە پێویستی دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی و هەروەها لە ڕێگای پێوانەی ئەو گۆڕانانەی لە تێپەڕینی شەپۆلەکانەوە بە (چپ)ەکەدا ڕوودەدەن. کاتێکیش ئەو زانیارییانە پێکەوە دەلکێنرێن، کلیلە ژمارەییەکە ئاشکرا دەبێ و بائاسانی دەناسرێتەوە.

لێکۆڵەرەکان دەڵێن، دەکرێ (چپ)ە ئەلیکترۆنییەکان لەو جۆرە هێرشانە بپارێزرێن بەوەی هەموو کردەوە حسابییەکان یەك جۆر ماوەوکات بخایەنن.

بەڵام باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی مۆبایلەکان ئەوەیە کە خاوەنی لای خۆی بیپارێزێت و نەیداتە دەست کەس.

سەرچاوە:
www.aljazeera.net